## سیمای مەسئوولیەت لە (هەرێمەکان) ی کوردستاندا. ... مەریوان نەقشبەندی



لەکوردستانداهەر کە کاروانێك ئوتومبیلی (مۆنیکا) تێپەڕبوو، هەموو دەزانین ئەوە بەرپرسێکی حزبی تێدایە، هەرکاتێك ئوتومبیلێکی پۆلیس بە لایت داگیرساندن و هۆرن لێدان و مۆڕەکردن لەخەڵك، پێش ژمارەیەك ئوتومبیلی جام رەش کەوتبوو، ئەوا دەبی راوەستیت هەتا ئەو مەسئولەی لەناو سەیارەیەکیاندایە تێپەڕدەبێت و ئەگەر منداڵەکەشت لەسەرە مەرگدابێت، ئەوا لەسەرت پێویستە چاوەڕێکەیت هەتا جەنابی مەسئوول تێپەڕ دەبێت، هەرکە گوێت لە فیکەفیکی مرورەکان بوو کە لەناکاو هەموو ترافیکلایتەکانیان داخست لەپێناو تێپەڕبوونی ئوتومبیلێك یان دووئوتومبیلی بەرپرسێکدا ئەوا دەبی بزانیت ئەوە ماستاوێکە و دەبێ بیکات، ئەگینا لەوادەی 24 سەعاتدا (تەوبیخ) یکی بە تۆمەتی (تقصیر فی الواجب) بۆ دێتەوە، .

خەڵکی کوردستانیان وافێرکردوە هەرکە گوتت کاکە ئەم یاساشکاندنە بۆچی؟! یەکسەر دەڵێت ئەو کابرایە بگرن چونکە پارتیە و دەیەوێت ئاسایشی سلێمانی تێکبدات، یان (جەلالی) ە و دەیەوێت هەولێر سەقامگیری بەخۆوە نەبینێت. خۆ ئەگەر تۆزێك ریشی لەبەر حەساسیەتی دەمووچاوی هێشتبووەوە یان شەرواڵەکەی بەهۆی شوشتنەوە کورت بوبێتەوە، ئەوا یەکسەر بۆت هەیە بەئیرهابی و سەلەفی و وەهابی و چەندین تۆمەتی لەو شێوەیە دەسگیر و تێرشەقی بکەیت و دوای ماوەیەکیش ئازادی بکەیت و بۆیشت نیە داوای قەرەبووکردنەوە یان گەرانەوەی ئیعتیبار بکەیت، چونکە زۆر بەدەگمەن لەوڵاتی ئێمەدا یاسای گەرانەوەی ئیعتیبار جێبەجی دەکرێت و ئەگەر جێبەجێش بکرێت ئەوا ئیعتیبارەکە هەر ناگەڕێتەوە چونکە ئێمەی کورد وافێربووین موبالەغە لەهەموو شتێکدا بکەین، بۆ نمونە ئەگەر من تۆمەتی دزینی 10 دینارم بخرێتەپاڵ ئەوا دەڵێن 10000 دیناری دزیوە و ئەگەر ئەم تۆمەتەش لەدادگا ئیسپات نەبوو ئەوا هەرگیز ئەم تۆمەتەت لێنابێتەوە.

ئێمە فێربووین هەمیشە بەشان و باڵی بەرپرسەکانی سەروی خۆماندا هەڵبدەین، ئەوەش وادەکات بەرپرسەکان زیاتر خۆیان بەگەورە بزانن و حەزبکەن دەسەڵات و مەرکەزیەت و سەروەت و سامانیشیان زیاتربێت، کاتێکیش بەرپرسەکانمان لەکارەکەیان لادەدرێن یان دەگوازرێنەوە زۆر بەئاسایی دەیان تۆمەت بۆ هۆکاری لەکارلابردنەکەی یان گواستنەوەکەی دەدۆزنەوە، مەرکەزیەت و مانەوە لەدەسەڵاتدا لەلای کورد نەخۆشیەکی ترسناکەو زۆر بەزەحمەت چارەسەر دەکرێت. لەلای ئێمە مەسئوولیەت و وەرگرتنی پۆست، یەکسانە بە دەوڵەمەندیی و دەسەڵات، ئەم هاوکێشەیە هەموو حزبەکان دەگرێتەوە بەبی ئیستیسنا، ئیسلامی و عەلمانی، ئوممەمی و نەتەوەیی، چەپ و راست، هەر کەبوونە مەسئوول دەبی دوامۆدێلی سەیارە و مێز و کورسی و سکرتێر و سکرتێرە و خەدەم و حەشەمیان هەبێت، هەندی جاریش دەبی زیاتر لەژنێکیان هەبێت، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کەدەوڵەمەند و

پارەدار بیت ئەگینا کەسوکاری ژنەکان و سکرتێرە و خەدەم و حەشەمەکەی چۆن بەخێو بکات؟! هەرکاتێکیش لەکارەکەی لادرا بەشەرێك نابینی بەدەوریدا حەتا ئەگەر دەوڵەمەندی و پارەوپولیش هەرمابێت. بەرپرسانی ئێمە حەزیان لەیاسا نییە هەمیشە بەدوای پێشێلکاری و واستە و نۆرەبڕیندا دەگەڕێن، و، تەنانەت بۆ رۆیشتن بۆ حەج و ئەرکە ئاینیەکانیش حەز دەکەن بەواستە و بەبی چونە ناو قورعە و داواکاری پێشکەشکردن بێت.

فەرمانبەرەکانی کوردستان وافێرکراون کەتەنها رێز لە دەوڵەمەند و خواپێداوەکان بگرن، ئەوانەی بۆ بچوکترین مامەڵە کاغەزێکی مەسئولێکیان پێیە یان تەلەفونێکی پێشوەختەی بۆ کراوە، ئەگەر بەبی ئەم واستەیە رووبکەیتە هەر فەرمانگەودام و دەزگایەك، ئەوا ئەگەر پرۆفیسۆریش بیت، دەبی چاوەڕێی مەزاجی کارمەندانی پرسگە و ئیدارە و هەموو ژوورەکانی ئەو فەرمانگەیە بکەیت. فەرمانبەر و بەڕێوەبەری دائیرەکان ماستاو بۆ یەکێك دەکەن کەپێویستی پێی نیە و بەئەمر کارەکانیان پێدەکات، بەڵام هەژار و بێ پشت و پەناکان کە پێویستیان بە دڵدانەوە و رێزلێگرتنە، بەشێوازێك وەڵامی دەدرێتەوە کە تەمەنای مەرگی خۆی دەکات نەوەك جارێکی دیکە ڕوی لە دائیرەیەکی حکومەت، یان بارەگایەکی حزبی بکەوێتەوە، کە لەراستیدا مەفروز وایە ئەو دائیرانە جێگای رێزگرتن و خزمەتی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بن، چونکە دەوڵەمەندەکان بەبی دائیرەکانی حکومەتیش دەتوانن بژین،

من دڵنیام نەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و نە سەرۆکی حکومەت و نە سەرۆکی پەرلەمان و نەبەرپرسی یەکەمی حزبەکان نایانەوێت وڵات بەم گەندەڵی و پاشاگەردانیە بێت، دەشزانم لەکوردستان سیاسەتی (برسیی بکە هەتا دواتکەوێت) پەیرەو دەکرێت و لەوانەشە من پرۆژەیەکی بەدیلم نەبێت بۆ راستکردنەوەی ئەم هەموو ناعەدالەتیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وافێرکراوین کە هەمیشە چاومان لەدەم و دەستی بەرپرسەکان بێت، کەواتە بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە لەکۆتاییدا بە زیانی (بەرپرسە ژمارە یەکەکان) تەواو دەبێت و لەوانەشە ئەوکاتە موبالەغە و تۆمەتەکانیش لەسەریان، زۆر لەوانە زیاتر دەبێت کە دەکەوێتە سەر وەزیرێك یان بەرپرسێك یان بەڕێوەبەرێکی ئاسایی..

Mariwan_na@yahoo. com